

## ئێکسسواری کوردی بە نەخشی کوردستان


ئێکسسوار وەك بەشێك لە پێداویستەکانی جوانکاری پێویستی بە لێزانی و کارامەیی هەیە ڕەنگە هەندێ جار شتێکی زۆر سادە ببێتە ئێکسسوارێکی زۆر جوان و تەنانەت نایاب، ئەم ئەنگوستیلەیە لە پەنجەی کچێکی شۆخ و شەنگی کورددا بوو، بۆیە بەم شێوەی ئەم کچە شەنگە سەرسامی کردم کە لەگەڵ جلی مۆدەو سپۆرتدا ئەنگوستیلەیەکی مووررووی لەپەنجە کردووە کە وێنەی ئاڵای پیرۆزی کوردستانی لەسەر نەخشێنراوە، ئەم ئەنگوستیلەیە ڕەنگە زۆر سادەبێت، بەڵام پەنجەکان زۆر جوان دەکات و دەکرێت بڵێین خۆشی زیاتر ومۆرکی کوردایەتەتیش بەو کەسە دەبەخشێت کە بەکاری دێنێت، بۆیە با هەمیشە کوردبوونمان پێوە دیار بێت لە هەموو ئەو کەلوپەلانەشدا کە بەکاریان دێنین، دەتوانین سوود لە جۆر و شێوازەکانی ئێکسسوار وەربگرین، کە بە هێمایەکی جوان و قەشەنگ ڕازاوە بێ، لە کاتێکدا ئەو ئێکسسوارانە نەخش و دیمەنی خۆیان هەیە، کەچی دەشتوانین هێمایەکی کوردانەی پێوە ببەستین و وەك گوزراشتێك لە جوانی و مۆدەی کوردەواری بکات، ئەمەش وەك ڕێگەیەکی تازە و کراوە و جوان، لە ڕازاندنەوە و نوێکاری لە مۆدە و شتی کلتووری کوردی، ئەنگوستیلەی بە نەخشی ئاڵا و ڕەنگی کوردستان، جوانییەکی ناسکی دەبێ لەسەر پەنجەی خانمان.

## کاریگەریی ڕەنـــــــــ

شێوازی تازە لە مۆدەی لێو یەکێکە لە سەرەکیترین گۆڕانکاری بۆ جوانیەکی ڕەها، کە لە ڕێگەی ڕەنگی لێوەوە دەتوانین شایستەترین مۆدەی جوانی بەدی بکەین بۆ ماکیاژی ڕووخسار. کاریگەریی جوانی لێو پابەندە بە ڕەنگ و شێوەکەی، کە دەتوانین سوودێکی تەواو وەربگرین لە جۆری ڕەنگ و شێوازەکانی ماکیاژی لێو، کە بەهۆیەوە سیمای ڕووخساری ماکیاژەکەت دیاری دەکات، هەر ڕەنگێکیش جۆرە مانا و دیمەنێکی هەیە، بۆیە هەر خانمێك دەتوانێت ببێتە خاوەن ئەو جۆرە ماکیاژەی مەبەستیەتی، لێرەشدا کاریگەریی ڕەنگەکان لەسەر ڕەنگی پێست و ڕەنگی چاو دەوەستێت، بەڵام دەبێت خانمان ئەوە بزانن







## پێڵاوی پاژنە بەرزی درەوشاوە وەک ئێکسسوارێکی نایاب

جوانی ئێکسسواری سەرەکی، بەشێکە لە نواندنی دیمەنێکی شیاو و تایبەت لە دیمەنی جوانی جەستەوە، بەمەش خانمان سوودێکی گەورە دەبینن لە دانانی جوانترین ستایلی ئامادەکراو، یان ئەو خانمەی دەیەوێت بە گوێرەی تایبەتمەندیی خۆی کار لەسەر ئەو ستایلە بکات، وەك ئەوەی جوانترین جۆرە پێڵاوی پاژنە بەرز بۆ ئەو وەرزە هەڵبژێرین،بۆیە پێڵاوە پاژنە بەرزەکان ئێکسسوارێکی سەرنجراکێش و جوان بووە بۆ دەرخستنی جل وبەرگ و جوانیی خانمان، هەروەها خانمان پێڵاوە پاژنە بەرزەکان بەکادێنن لەگەڵ ئەوەی زیانەکانیشی دەزانن ئەم شێوازە پاژنەبەرزانە نایابترین جۆری پێڵاوی پاژنە بەرزن کە لەگەڵ جلوبەرگی سپۆرتی کابۆی جینز و تیشێرت و تەنانەت لەگەڵ جلی خانەدانی و بۆنەکانیش وەك جلی کوردی و کراسی درێژ و بەدلەش بەکاردێت، ئەوەی ئەم پاژنە بەرزانەی جوانتر کردووە ئەوەیە، لەگەڵ ڕەنگە سەرنجراکێشەکانیان شێوەیەکی درەوشانەوەیان هەیە یان دەتوانین لەگەڵ قردێلەیەك بەسەریەوە کە بۆ جوانتر دەرخستنە ببەستین، بۆئەوەی لەو جوانیی ئەو پێڵاوانە بێبەش نەبن لەبەر زیانەکانی پێڵاوی پاژنە بەرز، ئەوە دەتوانن بۆ ماوەیەکی کەم و بۆ چەند شوێنێکی دیاری کراو بەکاری بێنن.







## ـــــــــگ و ماکیاژی لێو

که ئەو ڕەنگەی لەگەڵ گشت جۆرە ماکیاژێك دەگونجێت، ڕەنگی پەمەیی و سوور و قاوەییە بۆ ڕەنگی لێو، کە ئەو جۆرە ڕەنگانە دیمەنی خۆیان لە دەست نادەن لە کاتێکدا ڕەنگی دیکە، نەشونمای جوانیی لێو دەگۆڕن. لایەنێکی دیکە لە جوانیی لێو، ئەویش شێوازی هێڵکاریی لێوە، بە هۆی ئەو جۆرە ماکیاژەش، خانمان دەتوانن سنوورێك بۆ جوانیی لێویان ئامادە بکەن، ئەوە لە ڕێگەی دانانی هێڵکارییەکی تەواو لە ژێرەوە و سەرەوەی لێو، زیاتر کاریگەری و جوانیی لێو،دەکەوێتە سەر لێوی خوارەوە، ئەمەش جۆرێك لە سەرنجڕاکێشی و جوانییەکی ڕەها نیشان دەدات،





## جوانی و ڕازاوەیی پشتێن



هۆکارەکانی جوانکاری، یان ڕێگاکانی بە جوانی کردنی هەر هەنگاوێك، دەبێتە شێوازێك لە جوانی و کارامەیی، بەمەش دەتوانین سوودێکی گەورە وەربگرین لە جوانی و شێوەی ئێکسسوارەکانەوە، بەهۆی ئەو ئێکسسوارە بچووکانەوە، کە هەر چەندە شێوەشیان بچووکە، بەڵام دیمەنێکی گەورە و جوانیان هەیە، هەر لەو ڕێگەیەوە، دەتوانین ئاشناتان بکەین بە چەند دیمەن و جوانییەکی پشتێن مۆدەوە، کە کاتێك خانمێك بە پشتێنەوە دەردەکەوێ، جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ئەوەی پشتێن نابەستێت، ئەمەش لەگەڵ هەردوو جۆرە جلی کوردی و مۆدەدا، دەکرێ سوودێکی تەواو وەربگرین لە جوانیی پشتێن، کە بە ناسکی دەبەسترێت و زیاتریش لەگەڵ گشت جۆرە جلێکدا دەپۆشرێت، وەك : پانتۆل – مانتۆ – کراس- تەنوورە- بۆدی و جلی دیکەش، بەڵام دەکەوێتە سەر جۆری ئەو پشتێنەی کە دیمەنێکی ئەوتۆ و شیاوی دەبێت بە تایبەت لە جۆری ڕەنگ و شێوەکەیدا، هەروەها قەبارەی پشتێن، واتە گەورەیی و بچووکی، درێژی و کورتیی پشتێن، جوانی خۆی دیاری دەکات و بەهۆیەوە دەتوانین شێوازی پشتێن، هەڵبژێردراو بێ، لە کاتێکدا دەکرێ پشتێن، بە تەنیا ببەسترێت یان تێ بکێشرێتە ناو لەقی جلەکانەوە، بەڵام زیاتر شایستەتر دەبێ کاتێك بە تەنیا و بەسەر جلەوە دەپۆشرێ.



## هەنگاوەکانی بەستنی قژ بە وێنەوە

لەم چەند وێنەیەدا، چەندین جۆرە هەنگاوی سادە و ساکار دەبینن، کە لە ئەنجامدا دەبێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی قژی بەستراو، تەنانەت بە شێوەیەکی گەورە دەردەکەوێت و بە چەند هەنگاوێکی بچووکیشەوە ئامادە دەکرێت، بۆ سوود وەرگرتن لەو جۆرە قژە، دەتوانین لەگەڵ یەکە بە یەکەی هەنگاوەکاندا کار بکەن و بەمەش قژێکی مۆدە بەستراوی جوانت بۆ دەردەکەوێت، هەنگاوی لەم جۆرەش دەبێتە ڕێگەیەکی یارمەتیدەر بۆ خانمان کە بە ساناترین ڕێگە، قژیان بە مۆدەیەکی جوان و ڕازاوە ئامادە بکەن

هەنگاوەکانیش بەم جۆرەوە دەبێ:

- سەرەتا بە شانەیەك قژت بە تەواوی خاو بکەوە.
- دواتر بیکە بە دوو تەڵی گەورە و لە نزیك یەکەوە.
- پاشان دوو تەڵی دیکە لەسەرەوەی ئەو دوو تەڵەوە بهێنە و بیخەرە ناو یەکدی تاوەکو تێکەڵ ببێت.
- دەبێ پاشان ئەو دوو تەڵەی سەرەوە، ئاراستەکەی بەرەو ژوورەوە بێت، واتە بچێتەوە ناو دوو تەڵە سەرەکییەکەوە، کە لە سەرەتادا ئامادەمان کردبوو.
- پاشان دەتوانیت بە دڵی خۆت چەند تەڵ یان چەند لوولت دەوێت، لەسەر یەکەوە کاری لەسەر بکە و بیخەرە ژوورەوەی دوو تەڵە سەرەکییەکە، کە کاری ئەو دوو تەڵە بەستان و گرتنی تەڵەکانی دەرەوەیە، دەکرێ لە ژوورەوەش بە تۆقەیەکی قژ بیبەستیت.

# دەستشۆر و لاگان



**ئا/رەوەند بەختیار**

دەســـت شۆر مەســـینە و لاگان پێداویستەکی کۆنی چینە بەرزە و خانەدانەکانی کۆن بووە، لە پێشتردا بە هۆی نەبوونی مەغســـەل و دەستشۆرێکی جێگیر مەسینەو لاگان بەکارهاتووە، مەسینەو لاگان دوو پارچەن بەیەکەوە ئیشی دەستشۆر دەکەن، مەسینەکە ئاوی تێدەکرێت و لاگانەکەش ئاوەکەی دەکەوێتە سەر، مەسینەو لاگان بۆ ئەو کەســـانەی لە لە کۆندا لە چینی بەرز بوون و چەند کەســـێك خزمەتیان کردوون، ئەوە بۆیان هێناونەتە ژوورەوەو ئاوەکەیان کردووە بە دەســـتیاندا، هەر لە شـــوێنی نان خواردنەکـــە لە دەرەوە دادەنرا، ئەو ماددەیەی مەســـینەو لاگانی لێدروســـت دەکرا جیا بووە، هەیانبووە لە (مس) بوو هەشیانبووە لە تەنەکە یان ماددەی پلێتی قایم بووە یان لە قووم دروســـت کراوە، بیرمە ساڵانی پێشوو، باپیرم هەر لە ژوورەوە داوای ئاو و دەستشـــۆری دەکرد، داپیرەشم بۆی دەهێنا و دەست و قاچی دەشۆری، یان دەست نوێژی هەڵدەگرت، ئەوەش وەك رێگەیەکی ئاســـان بوو، کە لە ژوورەوە ئـــەو کارە بکەیت، بێ ئـــەوەی ماندووبیت و بچیتە دەرەوە.



# لوقـــمی شـــرووبی

شـــرووب خواردنێکی کۆن و ســـادەیە، لە ژەمی سەرەکییدا بە کار نەدەهات و نەشدەکرا وەك میوە یان لە جیاتی خواردنی سووك بەکار بێت، وەکو کاستەر بۆ دوای عەسر و ئێواران دروســـت دەکرا هەمووومان رەنگە یادگاری و یادەوەرییەکمان لەگەڵیدا هەبوو بێت، هەندێ جار لە کۆڵانەکان دەستگێر، دەیگێرا هەندێ جاریش لە ماڵەوە دروست دەرکرا، چوار دانە بە (دە) فلس بوو، چونکە بە ئاسانی دروست دەکرا، ئەویش بەو رێگەیە :سەرەتا ئاردەکەیان لە سەر سینیەك دادەنا، بە یەکسانی و دواتر شرووبەکە کە سارد ببووەوە پاش کوڵان روویان دەکردە ناو ئاردەکە، هەندێ جاریش منداڵەکان لەسەر ئەوە گرەویان دەکرد ئاخۆ کێ دەتوانێت بە پەنجە شروبەکەو ئاردەکە تێکەڵی یەکدی بـــکات و بە یەکجارو بەیـــەك پەنجە بیخاتە دەمیەوە، ئەوە چەند شـــرووبێکی بە خۆڕایی وەردەگـــرت، دواتریش لە هەمـــان ئەو جۆرە شـــرووبەوە، لوقمی شـــرووبیان لێوە دروست دەکرد، کە پێیدەگوترا لوقمی شـــرووبی، وەك لوقمێکی شل وابوو، لەسەر سینی دادەنرا و لەناو ئـــارد دەبوو تاوەکو تێکەڵ نەبێت.

## هەزارمێ



# پیاوێك (٣٨) ساڵە نە قژی بڕیوە و نە خۆیشی دەشوات

ماوەی دوو ســـاڵ لەمەوبەر هەواڵی ئەو پیاوەمان بڵاوكردەوە كە نزیكەی (٣٦) ساڵە خۆی نەشووشتووە، وادیارە ئەو پیاوە دەیەوێت درێژە بەو ژیانە بێ شووشتنە بدات و ئێستاش بوو بە (٣٨) ساڵ بەبێ ئەوەی قژی ببڕێت و خۆی بشوات، (كیلاش سینگ ) ئەو پیاوە (٦٦) ساڵەو خاوەنی (٧) كچە، گوتوویەتی : تـــا كوڕێكم نەبێ، نە قژم دەتاشـــم و نە خۆیشـــم دەشـــۆم، هەروەها دەڵێت : هەست بـــە هیچ ناڕەحەتییەك ناكـــەم و لە ژیانمدا دڵخۆشم و لە چاوەڕانی ئەو كوڕەدام، دوای چەندین هەوڵ لەلایەن خێزانەكەیەوە، تاوەكو ئەگـــەر قژیشـــی نابڕێت، تەنیـــا با خۆی بشـــوات، كەچی (خاڵە كیلاش) بە هەموو شێوەیەك ئەو داوایە ڕەت دەكاتەوە.





# چاوشاركانێ.. چاوشلكانێ

دونیای منداڵی پڕیەتی لە جوانی و ســـادەیی و وێنەو یادگاری ڕەنگین و پر تام وچێژ ئەو بەرائەت و پاكییەی لەو دونیایەدا هەیە لە دونیای هەرزەكاری و گەورەییدا نابینرێت، بەشێكی دونیای منداڵان یاری و خۆ خەریكردن بووە، جاران لە شـــێوەی ئێســـتا شـــاری یاری و یاریی جۆر بەجۆری ئەلكترۆنی و دەســـتی نەبووینە، بەڵكو یارییەكان سادەو فۆلكلۆری بوون، یەكێك لـــەو یاریانە كە ڕەنگە زۆرانێكمان ئەنجامماندابێت یاری چاوشـــلكانێ بوو، چاوشـــلكانێ بە كۆبوونـــەوەی چەند منداڵێك ئەنجامدەدرا هەڵبژاردنیان دەكرد بۆ ئەوەی یەكێك دەربچێت تاوەكو چـــاوی خۆی بنوقێنێت تا ژمارەیەكی دیاری كراو، بۆ نموونە تا ژمارە ســـەدی دەژمارد، لەو ماوەیە منداڵەكانی دیكە خەریكی خۆ حەشـــاردان بوون و هەریەكەیان دەیویست باشترین شوێن بدۆزێتـــەوە بۆ ئەوەی نەیدۆزنەوە ئەوەی یەكەم كەس ئاشـــكرا ببوایـــە ئەوە دەبووایە ئەو چاوی خۆی بنوقێنێت و بەدوای ئەوانی دیكەدا بگەڕێت، ئەوەی چاوی دەنوقاند و پاشـــان ژماردنەكە تەواو دەبوو ئەوە دەستی دەكرد بە گەڕان بەدوای ئەوانی دی، ئەگەر یەكێكی بدۆزیبایەوە پێی دەگوت: قیف، ئەو كاتە نەماندەزانی قیف مانای چییە دەمانگوت فلانەكەس قیف كرا ئێســـتا تێگەیشتین واتا وەستێنرا.

# ـــــــرد دووەم كۆنترین ئەشكەوت لە كوردستاندا

خۆشەویستیمان بۆ كوردستان و نیشتمان، ئەركی سەر شانی هەموومانە، چونكە كوردستان خاكێكی ڕەنگینە و سەرتاپای ئەو وڵاتە پڕە لە شتی جوان و دێریـــن و مێژوویی و كۆن، هـــەر یەكە ئەمڕۆ سونبول و هێمایەكە بۆ جوانی و پاكی، یەكێك لەو ئاسەوار و ئەشـــكەوتە كۆنانەی لە سەردەمێكی دێرینـــەوە هەیە، تا ئەمڕۆش ماوە، ئەشـــكەوتی هەزار مێردە.

مێژوونووســـان دەربارەی ئەشكەوتی هەزار مێرد دەڵێن، كـــە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمی بەردینی، كە نزیكەی (٥٠٠٠) پێنج هەزار ســـاڵ پێش زاین، ئەو ئەشـــكەوتە دەكەوێتە ناوچەكانی شاری سلێمانی بە درێژی (١٣) كیلۆمەترەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەو شـــارە، هەندێك لە لێكۆڵینەوەكان ئەوە دەردەخـــەن كە خەڵكی ناو ئەو ئەشـــكەوتە پێشـــكەوتووتر بوون لە خەڵكی ناو ئەشـــكەوتی شـــاندەرەوە، دوای چەندین لێكۆڵینەوەی مێژوویی نەگەیشـــتووتەنە دۆزینەوەی پەیكەر یان ئێسقانی مرۆڤ، تەنیا چەند كەرەســـتەیەكی شەڕكردن دۆزراتـــەوە تیایدا، بەڵام ئـــەوەی پێدەچێت كە خەڵكـــی ئەو ئەشـــكەوتە زیاتـــر گرنگییان بە كشـــتوكاڵ داوە، كە ئەو ئەشـــكەوتە بە دووەم كۆنترین ئەشكەوت دادەنرێت لە داوی ئەشكەوتی شـــانەدەر، ئەشـــكەوتی هەزارمێرد بە ناوێكی دیكەش ناســـراوە، ئەویش ئەشكەوتی تاریكییە، لەبەر ئەوەی لـــە ژوورەوە زۆر تاریكە و چونكە تیشكی خۆری پێدا ناچێتە ژوورەوە.




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەخۆبایی مەبەو دڵـــی خەڵکانی دەوروبەرت مەڕەنجێنە، بیر لـــە رابردووی خۆت بکەرەوە، چونکە تۆ کەسێکی چاپووك و دڵسۆزیت، باری سۆزداریت ڕوو لەباشییە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

خۆت لەگومان و دڵپیســـی دوورخەرەوە، لەبەرئەوەی تۆ خۆت کەســـێکیت، بڕوات بەخۆت پتـــەوەو توانای زاڵبوونت بەســـەر کێشـــەکاندا لەرادەبەدەرە، بۆیە بەقســـەی کەسانێکی ناپاك هەڵنەخەڵەتێیت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەم ماوەیە تووشـــی کێشە دەبیت لەگەڵ دۆســـتەکەتدا، بـــەڵام ئەگـــەر بتوانیت ئارامگـــرو لەســـەر خۆبیـــت دەتوانیت بەئاسانی چارەســـەری بکەیت، ئەگینا ئەنجامی خراپ دەبێت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بۆ چارەســـەرکردنی کێشەکانی خێزانیت دەرفەتێکـــی دیکەت بۆ دەڕەخســـێت، هەوڵبدە خۆپەرســـت نەبیت و تۆزێك دووربین بە، هەندێك بەخۆدا بچۆرەوە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەبواری ئەڤینداریدا هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، ئەمەش بەهـــۆی دوو دڵیتەوەیە بەرامبەر بەدۆســـتەکەت و وا هەست دەکەیت کە زۆر شـــت هەیە لەتۆی دەشارێتەوە، بەڵام لەراستیدا وانییە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لایەنـــی ســـۆزداریت گەشـــەیەکی خێـــرا بەخۆیـــەوە دەبینێت و ســـۆزو خۆشەویســـتییەکی لەرادەبەدەر رووت تـــێ دەکات، لەوانەیـــە دیارییەکی بەنرخیشت بەدەست بگات.

## وێنەیەک بە درێژایی تەمەن

ئـــەو وێنەیە بریتییە لە وێنەیەکی کۆن و نوێ، کە لە هەمان شوێن و هەمان کەس کاتێك لە تەمەنی منداڵی یەکتریان ماچ کردووە، ئێستاش بە هەمان شێوە یادگاری ئـــەو رۆژەیان دووبارە کرۆدتەوە و بە هەمان جلوبەرگەوە وێنەیـــان گرتووە، کە لە منداڵیەوە بەیەکەوە گەورەبوونە و دواتر جیابوونەتەوە و ئێستا هاوسەری یەکترن و بۆیە ماچەکیان چەندەهاساڵی خایاندووە و بڕیاریشیان داوە لە تەمەنی پیری هەمان وێنە بگرنەوە.





## مانای خەون

**ددان :** ددان کەوتن لە خەودا تەمەن درێژییە، ئەگەریەکێك لە خەودا بینی هەمو ددانەکانی کەوت ئەو کەســـە زۆر دەژیێ و تەمـــەن درێـــژ دەبێت،ئەگەر هەموو دانەکانی کەوت نەیانی بینییـــەوە نزیکترین کەس و کاری پێش خۆی دەمرن یان نەخۆش دەکەون، یەکێك ببینێ ددانەکانی سەرەوەی کەوتە ناودەستی ئەوە پارەی بۆ دێت، ئەگەر ببینێ کەوتە باوەشی ئەوە کوڕیان کارەساتی مردنە،ئەوەی قەرزار بێت لە خەودا ددانی بکەوێت قەرزەکەی دەداتەوە، کەوتنی ددانەکانی خوارەوە غەم و پەژارە و ئازارە،کەوتنی هەموو ددانەکان مانای مردنی هەموو ئەو کەســـانەیە کە لەوماڵەدا دەژین، ئەگەر یەکێك ددانەکانی کەوت و خۆی هەڵیانی گرتەوە،مانای ئەوەیە منداڵەکانی دەمرن، ئەوەی ددانی بکەوێت و نانی پێ نەخورێ ئەوە دەست کورت و هەژار دەبێت، ددان خزم و کەس و کارمانە ددانەکانی ســـەرەوە پیاوەکانـــن لە خزم و کەس و کاری باوك ددانەکانی خـــوارەوەش ئافرەتانن لە خزم و کەس و کاری دایك، هـــەر ددانێك یەکێکە لە کـــەس وکار،بە کورتی ددان تەمەن درێژی و مردن وپارەو ژیان و نهێنی دەردەبڕێ، ددان جولانەوە نەخۆشییە، ددانی دروستکراو لە زێڕ باشە، بەڵام لەوانەشـــە ماڵ سووتان بێت، ددانی دروســـتکراو لە زیو زیان و زەرەرە، درێژ بوونی ددان مانای شەڕ و ناکۆکی و ئاژاوەی ناو ماڵە.

**سەرچاوە: خەوننامە !**



## یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنـــەکان ڕێکبخەیت ناوی گۆرانیبێژێکی کچە کوردت بۆ دەربچێت .**

د ا ا ز ن ر

**وەڵامی ژمارەی پێشوو :خانەقین**

## بۆ زاخـــاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بەختیاری) بوو**

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

☐ ☐ ☐ ☐ ☐ ☐

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە لە سرووشتە و دەسووتێنرێت)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ولاتێکی جیهانە زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی هەیە)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (شتێکە لە دەمی مرۆڤدا هەیە)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٦+٣)کۆ بکەیتەوە بە مانای (جۆرە دارێکە، ناوێکی کچانەیە)





# کەرەستەی سەیر


هەندێك بیرۆکەی جوان و سەیر هەن، وا لە مرۆڤ دەکەن تووشی سەرماسی بێت لەوەی چۆن کاری وا دەکرێت، وەك دروســـت کردنی هەندێ کەلوپەل کە جێگەی سەرسوڕمانییە و تەنانەت وا لە مرۆڤ دەکات کە هەڵە بکات لە کاتی تەنیا سەیرکردنی، ئەو قەنەفەیەی دروست کراوە، لە شێوەی جلوبەرگی ســـەربازییە، وەك کارێکی نهێنی و بۆ مەبەستێکی تایبەت، ئەگەر بە جوانی سەرەنج بدەن، سەربازێك لەسەر قەنەفەکەوە درێژبووە، هەوڵبدە بە سادەیی بیبینیت، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە کارە سەیرەکان.

## جیاوازی وێنە !

بۆ زانینی ئاســـتی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکـــی هاوبـــەش لەم دوو وێنەیەدا بدۆزەوە




## پەندی ناوداران



**- جۆرج واشنتۆن لە بە نرخترین وتەکانیدا دەڵێت:**

**مەخـــوە لەو کاتەی کەســـێکی دیکە قســـە دەکات، دامەنیشە لەو کاتەی کەسی دیکە وەستاوە، قسەش مەکە لەو کاتەی کەسێك بێدەنگە !**

## دیــوانــە شــیعر

**مەحوی شاعیر دەڵێ :**



**لەڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاک و پێی نەنا پێما**
**دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەکەم، چبکەم!**
**دەمێکە شاری پڕ شۆری مەحەببەت مات و خامۆشە**
**بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشا نەکەم، چبکەم!**
**لە چاوا نم نەما بۆ گریە، نۆبەی سەجدە بەردەریە**
**سیاساڵم نەبارە، نوێژی ئیستیسقا نەکەم، چبکەم!**
**لەسەر تۆم دوشمنە دنیا، قەچییەم (مانع الجمع)ە**
**کە تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دنیا نەکەم، چبکەم!**
**بەجێ ماوم لە یاران، نابەجێ ماوم، ئەجەل ! زوو بە**
**بە مردن لەم قوصووری ژینە ئیستیعفا نەکەم، چبکەم!**
**ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا ((مەحوی))**
**هەتا قامی قیامەت، ئاە و واوەیلا نەکەم، چبکەم !**

**س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك**

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

زیاتـــر ورد بـــەرەوە و زیرەکانـــە پلانەکەت دابڕێژە بـــۆ جێبەجێکردنـــی پڕۆژەکەت، چونکە کەســـانێك دەیانەوێت کۆســـپت بۆ دروست بکەن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

دەرفەتی کارێکی باشـــت لەپێشە بیقۆزیتەوە، خۆشەویســـتییەکی نوێ لەدەرگای دڵت دەدات، زۆر بەوردی ســـەرنجی لێبدە، دوایی پەشـــیمانی دادت نادات.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بووژانەوەیەکی ئاشکرا لەسیماتدا بەدی دەکرێت، لە بـــواری ســـۆزداریدا دەرفەتێکی باشـــت بۆ هەڵدەکـــەوێ و لەوانەیـــە لەئامانجـــت نزیـــك ببیتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئـــەم هەفتەیە دووربکەوە لە گفتوگۆ دەربارەی ناکۆکیەکانت لەگەڵ ئەو کەســـەی خۆشت دەوێ، چونکـــە کات لەبار نییە بۆ بەیەکدی گەیشتن مامەڵەی گەورەش لەم کاتەدا باش نییە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەپەلـــە هەڵســـوکەوت مەکـــە چونکە زەرەرمەند دەبیت، هەســـت بـــە بێزاری و دڵەڕاوکـــێ دەکەیـــت، بەهۆی خـــەون بینینی ترسناکەوە، پشوویەك بدە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

زۆر گرنگـــی مـــەدە بەهەندێـــك گرفت کە خەریکـــە بـــەرەو کۆتایی دەڕوات، کەســـێك پێشـــنیارێکت بۆ دەکات، پشـــتگوێی مەخە، باری تەندروستیشت فەرامۆش مەکە.

## نوکتە

- مامە پیرەیەك گوێدرێژێکی لێ ونبوو، زۆر بە دوایدا دەگـــەڕا نەیدەدۆزییەوە، بەلای کچ و کوڕێکەوە تێپـــەڕ بوو، کوڕەکە بە کچەکەی دەگوت : لەنـــاو چاوەکانی تۆوە هەموو دونیـــا دەبینم، مامە پیرەش گوتی : توخوا بزانە گوێدرێژەکەی منیش نادۆزیتەوە!
- جارێکیان پیاوێك زۆر توڕە ببوو لە ژنەکەی، گوتی دەڵێـــم : خۆم بکوژم و منداڵەکانیشـــم بکوژم و ئینجا راست بڕۆم !